ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**ناچالاک کردنی Messenger Service.**

نووسەر: @:

ناچالاک کردنی Messenger Service. Messenger Service چیە؟ Messenger Service ئەو بەشە خزمەتگوزاریەی ویندۆزە کە کاروباری ناردن و وەرگرتنی ڕێکلام لە ویندۆز دا جێبەجێ دەکات. بۆ نموونە ڕۆژێک لە ڕۆژان پەیامێکی وەک ئەمەی خوارەوەت بۆ هاتبێت،




ئەو پەنجەرەی سەرەوە بریتیە لە پەیامێک کە Messenger Serviceی ویندۆز لە کەسێکەوە وەرگرتووە، ئەوە مانای وانیە کە کۆمپیوتەرەکەت هاک کراوە یان ڤایرۆسی تێدایە. لەوانەیە کە بڵێت من ئاگرەدیوارم هەیە، بەڵام ڕێگەی لێ ناگرێت، وایە ئاگرەدیوار بەتایبەت ئەوەی ویندۆز بەهیچ شێوەیەک ڕێگە لەو تایبەتمەندیە ناگرێت و وەک بەشێکی کارکردنی ویندۆز دەیناسێتەوە. شێوەی ناردنی ئەو پەیامانە لەڕێگەی پرۆگرامی جۆراوجۆرەوە دەکرێت کە بەمەستی پەیام ناردن بۆ بەکارهێنەرانی دیکەی کۆمپیوتەر دروست کراوە، لەو شێوازە پرۆگرامەش لە ئینتەرنێت دا زۆر هەیە. ئەمەش پێناسەی خودی ویندۆزە بۆ ئەو ئامرازە،

Transmits net send and Alerter service messages between clients and servers. This service is not related to Windows Messenger. If this service is stopped, Alerter messages will not be transmitted. If this service is disabled, any services that explicitly depend on it will fail to start.

لەم وانەیەدا چۆنیەتی ناچالاک کردنی ئەو تایبەتمەندیە شیدەکەمەوە، بۆ ڕزگاربوون و چیتر نەبینینی ئەو پەیامانە. بڕۆ بۆ Start پاشان Control Panel> Administrative Tools> Computer Managment.




پەنجەرەیەکی وەک ئەمەی خوارەوە دەکرێتەوە،




لە بەشی چەپی پەنجەرەکەدا کرتە بکە سەر Services، لەبەشی ڕاستیشدا بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەرەکەت کرتە بکە سەر Messenger، پاشان بۆ Stop وەستاندنی. ئەم ئامرازە خزمەتگوزاریە بە شێوەیەکی ئاسایی لەسەرەتای ویندۆزەوە چالاکە و کاردەکات. بەو شێوەیە کاری Messenger Service وەستا، بەڵام گەر بتەوێ بە شێوەیەکی گشتیی و هەموو بوارەکانی نا چالاک بکەیت، دەتوانی بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەر جارێکی دیکە کرتەی لێبکەیت و Properties کرتە بکەیت.




لەبۆ Startup Type دەبێ Disable هەڵبژێری و پاشان OK کرتە بکە بۆ جێگیرکردنی گۆڕانکاریەکان. هیوادارم چارەسەرێک بێت بۆ ئەو کەسانەی کە بەدەست ئەو ئاگاداریانەوە دەناڵێنن. کۆتایی.

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبليغات در اين سايت